Dengekan

# ئەوان مەرزەكان دادەخەن
# ئێمەش زمانی رۆژنامەنوسان !؟

ئاسۆعەبدوللەتیف
Asolm2002@yahoo.com

لەیەكەم كاردانەوەی كوتوپڕو لە گەرمەی مانگی رەمەزاندا سەرۆك كۆماری ئێران كە ئەوكات بە گەشتێك لە ئەمریكابوو ستراتیجی وولاَتەكەی بۆ دونیا شی ئەكردەوەو لە سەكۆی نەتەوە یەكگرتووەكانیش نەترسانە هەرەشەكانی خۆی ئاراستەی ئەمریكا كرد بە بڕیارێك گشت مەرزە بازرگانیەكانی بەرووی كوردستاندا داخست لە دەرەنجامی گرتنی ئاغای فەرهادییەوە، وەك ئەوەی كوردستان هیچ نەبیٚ و گردۆڵكەیەك بێت و ئێرانیەكان گەمارۆی بدەن و ئەمریكیەكانیش ئەسپی تەروادەبن، بەداخەوە دەسەلاَتی كوردیش(یەكێتی و پارتی) لەباتی چارەسەر بۆ ئەو دۆخە ناسازە، زمانی سایت و رۆژنامەو رۆژنامەنوسەكانمان دادەخەن و ئەیانخەنە لیستی رەش بەو هیوایەی ئیدی زبر نەنوسن و نەرم و ناسكۆڵە ستایشی دەسەلاَت بكەن و ووریای پەیوەندیەكانی هەرێمی كوردستان بن لەگەلٚ توركیاو ئێران و ئەمریكا دژی پەژاك و پەكەكە، ئەگەر داخستنی مەرز قەیرانی خۆراكمان بۆ دروست بكات ئەوا بێگومان داخستنی زمان و رۆژنامە قەیرانی فكروئازادی و دیموكراسیەتمان بۆ ئەخولٚقێنیٚ ودەسەلاَتی كورد نزیك ئەخاتەوە لە دیكتاتۆریەت، وەك چۆن داخستنی مەرزەكان لەلایەن ئێرانەوە داخستنێكی عەفەوی و تەكنیكی سادەنیە كە دەسەلاَتی كوردی وەك پرسێكی عاتیفی پێمان بفرۆشیٚ و بە ژێی عاتیفەش بیگوزەرێنیٚ بەسەرماندا، ئاوەهاش داخستنی زمانی جورئەت و رۆژنامەنوسیمان  داخستنێكی عەفەوی و سادە نیەو لە چوارچێوەی ئەو پلانە ستراتیجیەدایە كە یەكێتی و پارتی دایانڕشتووە بۆ كوشتنی ئازادی وبەداخەوە ئاشتمان ئەكاتەوە لەگەلٚ فاشیەت و لە مەرزی دیكتاتۆریش ئاودیومان ئەكات، داخستنی مەرزەكان لەلایەن ئێرانەوە دەركەوتنی بڕێك شۆڤێنیەتی دیكەی فارسەو بەسەرماندا ئەیڕێژن و دەرخستنی ڕووی پەنهانی ئێرانیەكانە بۆ ئەم هەرێمە كە نەیانویست وەكو هەرێم مامەڵەی بكەن و دواجار رۆحی پازدارێكیان لا خۆشەویست ترو پیرۆزتر بوو تا 2 ملیۆن ئینسانی كوردی ئەم پارچەیە، هەمانكات داخستنی زمانی رۆژنامەنوسانیش لەلایەن دەسەلاَتەوە دەركەوتنی هەمان بڕە لە خەونی عەسكەرتاریەت و تۆتالیتاریزمی حیزبی كوردی بۆ بەرتەسككردنەوەی ئازادیەكان و داخستنی مەرزەكانی دیموكراسی و شەفافیەت، بەلاَم با دەسەلاَت بزانێت نوسین و ئازادی رادەربڕین مەرزو سنوری نییەو بە داخستنی زمان و قەڵەم، ئینجا فیكری شۆرشگێریی گەشەی خۆی ئەكات و گرنگە هەر بەو زمانەش بلٚێین بە حكومەتی هەرێم ...با هەست بەو تەم و مژو ناكۆكیانەی خۆی بكات لەگەلٚ ئێران و دووبارە ماكیاژی پەیوەندیەكانی خۆی لە تەك ئێراندا نەكاتەوە بە موجامەلەو پیاهەڵدان، دەركەوت لای ئەحمەدی نەژاد پازدارێك لە 2 ملیۆن كورد گرنگتر بوو وەلیٚ لای بارزانی و تاڵەبانی پێشمەرگەیەكی كورد هیچ وەزن و ئەرزشێكیان نییە وێنەی فەرهادیی! شۆرشێك خامۆش بكریٚ بە خاتری توركیاو ئێران لایان ئاساییەو بە ئیفتیخاریشی ئەزانن، برسێتی و بێكارەبایی و زەجرو هیلاكی و بێئومێدی 2 ملیۆن كوردیش ئاساییە بیگۆڕنەوە بە یەك زەردەخەنەی ئایەتوڵلایەكی فارس و جەندرمەیەكی تورك بەمەرجیٚ كورسیەكەیان لە كیس نەچیٚ، كارەساتیش ئەوەیە ئەم كاڵبوونەوە شۆرشگێڕیە نایانجولٚێنیٚ و تابێت ئینتیمای خاكیشمان لاوازترو ناچیزەتر ئەبیٚ، ئەمە یەك مانای هەیە كە كورد سیاسەت ناكات و داخستنی مەرزەكانی بەلاوە زۆر گرنگترە لە شۆرشێكی چەكداریی و دەوڵەتی كوردی، ئەوە فارس و توركن سیاسەت ئەكەن و وولاَت و كەسایەتیە سیاسیەكانی خۆیان و سنورو كەرامەتی نیشتیمانی خۆیان خۆش ئەوێت و ئامادەن لەسەری بەشەر بێن و ئەو كەمە شۆرشە چەكداریەش كە هەمانە لە قەندیل بەهەر شێوەیەك بێت كزو خامۆش و دەستەمۆی بكەن كە جوانترین بلٚێسەی رەسەنی كوردایەتی هەیە!